## سەنتەری چالاكی  گەنجانی رانیە

## گەندەڵی رێكخراوە ( NGO )كانی كوردستان ئاشكرا دەكات

**لە هێڤارەوە**

بۆ قسە كردن لەسەر گەندەڵی و كاری  رێكخراوە ( NGO )كانی كوردستان و  هێنانە ئارای گفتوگۆیەكی هەمە لایەن لەسەر ئەرك و كاری رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی ، ( سەنتەری چالاكی گەنجانی رانیە )ی سەر بە رێكخراوی ( منداڵپارێزی كوردستان )  رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی ٢٠٠٧/٦/٧ كاتژمێر ٥,٣٠ ئێوارە لە باخچەی سەنتەر هەڵسا بە سازدانی كۆڕێكی رۆشنبیری بۆ  ( بێكەس حەمەد قادر )راوێژكاری وەزارەتی رۆشنبیری لەسەر ( گەندەڵی و كاری رێكخراوە (  NGO ) كان )، كۆڕەكە لە لایەن ( هێمن حەسەن ) بەڕێوە براو رێژەیەكی زۆری گەنجان و نوێنەری رێكخراوەكان  ئامادەی بوون . بێكەس لە كۆڕەكەدا ئاماژەی بە زۆری و بۆری  و گەندەڵی رێكخراوەكانی كوردستان كرد كە تەنها لە ٣ پارێزگادا  زیاتر لە ٧٠٠ بۆ ٨٠٠ رێكخراو هەیە و  مانگانە منحە  و نەسریەیەكی  زۆر وەردەگرن، وەك كاسبەیەكی لێ هاتوە و بۆتە چاولێكەری و شوێنی گەندەڵی . لە لایەكی تر ووتی بە جیا لە وەزارەتی رۆشنبیری لیستێكی تر هەیە لە وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران كە هەر یەكەیان بە جیا پارە و منحەی كۆمەڵێك رێكخراو دەدات لە وانە رێكخراو هەیە مانگانە  ٥٠ ملیۆن یان ٦٠ ملیۆن یان ١٠٠ ملیۆن دینار وەردەگرێت كەچی دەرگاكەی هەمیشە قەپاتە  .  وەزیر هەیە گۆڤارێكی گەنجانە دەردەكات  یان سەرۆكی سەنتەرێكە ، بۆیە بە سەرسامیەوە ووتی :  ئەگەر پەیوندی بە شتێكی ترەوە نیە بۆ ناچێ خەریكی وەزارەتەكەی خۆی بێت . هەروەها ووتی  رێكخراو هەیە ٦٠ ملیۆن وەردەگرێت  كە ئێستا لێیكراوەتە ٢٠ ملیۆن ، دەڵێت كۆنگرەی رۆنامەنووسی دەبەستم و شتی گەورەتر باس دەكەین !  بەلاَم كە لە كارو چالاكیان دەپرسیت دەڵێن ئێمە رێكخراوی كۆمەڵگای مەدەنین!  داواجار ئاماژەی بە لیژنەیەك كرد كە بۆ چاودێری و پێداچونەوەی رێكخراوەكان دانراوە ، لەو روانگەشەوە ووتی  بریارە لەو مانگەوە  زیاتر لە لە ١٠٠ تیپ و رێكخراو  منحەیان بوەستێنرێت یان كەم بكرێتەوە .   ئەمەو دوا بە دوای كۆڕەكە لە لایەن ئامادەبوانەوە  قسەیەكی زۆر لەسەر گەندەڵی رێكخراوەكان كرا كە وەك كۆمپانیای لێهاتوە و كراونەتە پرۆژەیەكی  پارەپەیدا كردن .






